# تێڕوانینێک لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە(4)ی ساڵی 2007

**ئازاد ئەکرەم مجید**

بەر لەوەی باس لە یاسای لێ بوردنی گشتی ژمارە(4) ساڵی (2007)ی پارلەمانی کوردستان -عێراق بکەین، بە پێویستی دەزانین لەسەرەتادا کەمێك لەسەر یاسای نەهێشتنی کاری بەدرەوشتی عێراق بدوێین، بەپێ بڕگەی چواری ئەم یاسایە هەرکەسێ دەلاڵی بکات بە کەسێك ئیدی ئەو کەسە ئافرەت بێت یاخود نێرینە بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئەنجام دانی کاری سێکسی بەبەرامبەر بەکرێ ئەوا ئەو کەسە دەلاڵە تووشی سزای زیندانی دەبێت، بۆ ماوەی حەوت ساڵ، واتا تاوانەکەی یەکێکە لە تاوانەکانی (جنایات)، کە زۆر مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە پەیوەندی هەیە بە بازرگانی کردن بەجەستە ئەو کەسانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی، لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای لێ بوردنی گشتی ژمارە (4)، کە لەلایەن پارلەمانی کوردستان لەبەرواری 10/4/2007 دەرچووە، دەبینین ئەم یاسایە هەندێ تاوان ناگرێتەوە لەوانە تاوانی دەست درێژی سێکسی، زیناکردن بە مەحرەمەکان هەروەها کوشتن بە بیانوی شەرەف کە لە بڕگەی (10)و (11) ئەم یاسایە هاتون، بەلام ئەوەی جێ سەرنجە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەم یاسای لێبوردنە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەلاڵی بە ئافرەتەوە دەکەن، هەروەها نێرینەش بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی بەبەرامبەر واتا ئەنجامدەری ئەم دەلاڵیە سوود لەم لێبوردنە گشتییە وەردەگرن، لەهەمان کاتدا ئەو کەسەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ کاری سێکسی لەلایەن ئەم دەلالانەوە تەنها لە 30% ماوەی سزاکانیان کەم دەبێتەوە کە لەبڕگەی 4ی یاسای لێبوردنەکەدا هاتوە، بۆیە بەڕای ئێمە دەبوایە ئەو کەسانەی کە دەلاڵی دەکەن بەکەسانی ترەوە بۆ بەکارهێنایینان بۆ ئەنجامدانی کاری بەدرەوشتی بەرامبەر بەکرێ، دەبوایە بخرانایە خانەی ئەو کەسانەی یاخود ئەو تاوانانەی کە سود لەم لێ بوردنە نەکەن، چونکە گەر ئەم دەلاڵی کردنە بەکەسانەوە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی لەتاوانەکانی دەستدرێژی سێکسیو زیناکردن بەمەحرەمەکان، وە کوشتن بە بیانوی شەرەف زۆرتر نەبن لەروی مەترسیەوە ئەوا لەو تاوانانە کەمتر نین، هەروەها پرنیسیپەکانی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ نابێت ببێت بەکالایەكو بازرگانی

# ئەمجارە ناتوانن تورەبن



گرتەیەک لە یادی رۆژنامەنوسانی ئازاددا

کە دەڵێین راگەیاندنەکانی ئەم کۆمەڵە هەمووی راگەیاندنی دەسەڵاتە تورە دەبن، کە دەڵێین رۆژنامەنووسانی ئەم کۆمەڵە زۆربەیان رۆژنامەنوسیان وەك ئارەزوو وەرنەگرتووە، بەڵکو وەزیفە بۆ خۆژیاندن وەریانگرتووە، تورە دەبن، کە دەڵێین رۆژنامەنووسی ئازاد لەم کۆمەڵەدا زۆر کەمە، تورە دەبن. کە دەڵێین زەمینەی دەنگی ئازاد لەم کۆمەڵەدا، تورە دەبن، کە دەڵێین دەڵێین تورە دەبن. بەڵام لەبەرامبەر وتنی دەڵێینی ئەمجارەدا ناتوانن تورە ببن، گەر راگەیاندنەکان ئازادنو گەر ژمارەی رۆژنامەنووسی سەربەخۆو ئازاد زۆرە، ئەی بۆچی رۆژی 3/5/2007 لەکۆبوونەوەی رۆژنامەنووسانی ئازاددا کە لەپارکی نالی سازکرا، ژمارەی راگەیاندنەکان ئەوەندە کەم بوونو ژمارەی رۆژنامەنووسانیش لەپەنجەی دەست تێپەڕنەدەبوون، بەڵام لەکۆبوونەوەو کۆڕەکانی رۆژانە ژمارەی پەیامنێرو رۆژنامەنووسان لەژمارەی ئامادەبووان زیاترە. **رێوان**

# وەڵامێک بۆ سێکسی کۆم

**ئەمیرە حەسەن**

مافناس

لەرۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە 321 ی رۆژی 11/4/2007 لەژێر ناونیشانێکی گەورە وێنەیەکی بەرچاو کە گوزارشت لە مومارەسەکردن لەڕێی کۆمەوە دەکات، بڵاوکراوەتەوە، ئەم بابەتە لەلایەن دکتۆرێکەوە نوسراوە، کە دکتۆرای لەتەندروستی سێکسدا هەیە، هەرچەندە ئەم بابەتە بەچەند خاڵێكو بەشێوازێکی زانستی باس لەڕاهێنانی کۆموو چۆنیەتی چێژ وەرگرتن سێکسی لەڕێی کۆمەوە دەکات، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەگوێرەی ئاینو دابو نەریتی ئێمەو تەنانەت یاساکانیش، زۆر پێشوەختەو قسەکردن لەسەری زۆر سەرنجو رەخنە هەڵدەگرێ، چونکە هەتا ئێستاش ستی سیاسی وڵاتو دەستورمان بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی ئیسلام، هەروەها زۆربەی مەزهەبەکانیش بەتایبەت کۆمەڵگای کوردی کە سەر بەمەزهەبی حەنەفیە رێگرە لەبەردەم ئەم کارەدا، دواتر هەر ئەندامێك لەلەشی مرۆڤ کاری خۆی هەیە، ئایا نان بەقاچ دەخورێت، یان بەدەست، گەر ئەندامی تایبەت بەو مەسەلەیە هەبێت چ پێویست دەکات، ئەندامێکی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت.

هەرچەندە سێکس گەر لەڕوویەکی زانستیەوە وەریبگرینو رونکردنەوەی لەسەر بدەین، بۆ کۆمەڵگەی ئێمە زۆر گرنگە، چونکە ئێمە لەڕووی رۆشنبیری سێکسیەوە کەموکورتی زۆرمان هەیە، تا هەنووکەش شەرمو ترس رێگری گەورەن لەبەردەم کۆمەڵو گەنجان بۆ وەرگرتنی وشیاری تەندروستی سەبارەت بەسێکس، کە خودی کردەی سێکسی، بنەمای سەرەکی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیە لەناو خێزانەکاندا، بەڵام مەسەلەی سێکس لەدواوە وەکو دکتۆر خۆی دەڵێت، پێوستی بەوشیاری تەندروستیو فەنتازیای سێکسی هەیە، بۆ راهێنانی دواوەو هەروەها مرۆڤەکەش بۆ گەیشتن بەچێژ، دەکرێت بڵێین کە ئەم مەسەلەیە وەکو ئاماژەمان پێدا، نە لەڕووی ئاینیو نە لەڕووی کۆمەڵایەتیو نە لەڕووی وشیاری سێکسیەوە لەگەڵ تاکی کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەکو دکتۆر خۆی ئاماژەی پێ دەدات، کە بکەر تووشی نەخۆشی زەهری..هتد دەبێتو جارێکی تر لەڕێی ئەم کردەیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەرکار، بەتایبەت گەر وشیاری تەواوی بەم مەسەلەیە نەبێت، دیارە بەرکارەکان لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەزۆر حاڵەتدا ژنانن.

ئەم کارە زۆرجار لەگەڵ خواستی ژندا نایەتەوەو ژنی پێ ناچار دەکرێت، ئەم جگە لەوەی کە لەخانەی توندوتیژی سێکسی دژی ژنان ئەژمار دەکرێت، زۆرجار بووەتە هۆی دروستکردنی گرفت لەنێوان هاوسەرەکاندا.

کاتێك قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەین، ناکرێت تەنها لەنێو خێزانەکاندا کورتبکەینەوە، بەڵکو ئەم حاڵەتە بەشێوەیەك لەشێوەکان یەخەی ژمارەیەك لە گەنجانی ئێمەی گرتووەتەوەو، پێش چونە قۆناغی هاوسەریەوە ئەم کردە مومارەسە دەکەن، لێرەشدا دەکرێت بڵێین هەر رەگەزی مێ زەرەرمەندە، کە لەبەر هەر هۆکارێك بێت، ناتوانن بچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە.

دیارە زەرەرمەندییەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، وەکو ئاماژەمان پێدا کە ئێمە شارەزایمان نیە لەو جۆرە لەسێکس، کە لەیەك کاتدا بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەخۆشیو شێوانی دەرچەی کۆموو سەرەڕای ئازار، دوور نیە کە ئەو کەسە ئالودە بێت بەسێکس لەدواوە، کە ئەمەش سەرئەنجام دەبێتە هۆی مەحروم کردنی ئەو کەسە لەمومارەسەی سروشتی سێکسی لەڕێی کۆئەندامی زاوزێوە، هەروەها گەیشتن بەچێژو ئۆرجازم. زۆرجار کچان بۆ سەلامەتی پەردەو رازی کردنی بەرامبەرەکەیان ملدەدەنە ئەم کارە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە زۆرجار لەنێوان هاوڕەگەزەکان، واتە نێرینەکاندا ئەنجام دەدرێت، گەر بەردەوام بن، جارێکی تر دوور نیە ئالوودە بوون بەم شێوازە لەسێکس لایان دروست بێت، لێرەشەوە دەکرێت بڵێین ئێمە دەبینە خاوەنی کۆمەڵێك گەنج، کە بەپێوەی ئاکاری کۆمەڵگەی ئێمە گەنجی شازو ناتەندروستن.

بەندیخانەکان رێژەیەکی زۆر لەم حاڵەتەیان تێدایە کە بەپێی یاسای سزادان لەژێرخانەی 393 سزادان باجی ئەم کارانە دەدەن.

بۆیە داواکارین با هەوڵەکانمانو تێڕوانینو بۆچوونەکانمان بەشێوازێك بێت کە هەم زانستیو هەم وشیاریمان بداتێ، کاتێك کە بابەتێکی لەو شێوەیەمان بینی، تووشی وەستانێکمان بکاتو وامان لێ بکات کە زیاتر لەبەرامبەریدا بەئاگاو وشیار بین.

# ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی دەیەم

| | | | |
|---|---|---|---|
| سابر محەمەد قادر | کاسب | رزگاری | 2 |
| رێزان فەرهاد روبیتان | ژنی ماڵ | رزگاری | 2 |
| پرشنگ ئەحمەد رەحمان | ژنی ماڵ | رزگاری | 8 |
| حەمە سەعید مەحمود رەسول | پێشمەرگە | رزگاری | 3 |
| مەنیج محەمەد کەریم | ژنی ماڵ | رزگاری | 6 |
| فەخریە رەشید رەحیم | ژنی ماڵ | رزگاری | 20 |
| نەورۆز محەمەد خەلیفە | ژنی ماڵ | رزگاری | 35 |
| مەلیحە حەمید سمین | ژنی ماڵ | رزگاری | 5 |
| حەبسە ئەحمەد سلێمان | بێوەژن | رزگاری | 3 |
| هفتاو عبدالرەحمان حسێن | بێوەژن | رزگاری | 4 |
| ئاکۆ عومەر سەعید | پۆلیس | رزگاری | 20 |
| محەمەد رەسول کاکە حەمە | کاسب | رزگاری | 4 |
| خەدیجە عەزیز حەسەن | بێوەژن | رزگاری | 2 |
| عەلی فارس عەزیز | شۆفێر | رزگاری | 1 |
| حەبسە رەسوڵ کاکە حەمە | ژنی ماڵ | رزگاری | 21 |
| سەوسەن عەزیز حەسەن | بێوەژن | رزگاری | 6 |
| رزگار دارا محەمەد | کرێکار | رزگاری | 7 |
| خەرمان فەتاح محەمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | 8 |
| مەنیج عەلی ئەحمەد | بێوەژن | رزگاری | 1 |
| شەهلا فەرهاد روبیتان | بێوەژن | رزگاری | 5 |
| ئومێد ئیبراهیم مەحمود | کەم ئەندام | رزگاری | 2 |
| نەشمیە جەواد نوخاس | ژنی ماڵ | رزگاری | 15 |
| فاروق ساڵح کەریم | کاسب | رزگاری | 2 |
| نەجیبە حەمە ئەمین حەمە | کچی ماڵ | رزگاری | 5 |
| حەیات فەرەج ئەحمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | 10 |
| ئەفراس حسێن عەزیز | ژنی ماڵ | رزگاری | 4 |
| حەمید خورشید محەمەد | کاسب | رزگاری | 3 |
| محەمەد ستار جەبار | جوتیار | رزگاری | 8 |
| ئەمەل ئیبراهیم ئەحمەد | کچی ماڵ | رزگاری | 5 |
| حەمدیە عەبدولکەریم ئەحمەد | بێوەژن | رزگاری | 1 |
| محەمەد عەبدولکەریم ئەحمەد | | | |